# ئیمەو چەپی "ئەنتی ئیمپریالیست"

## وتوویژی رۆژنامەی فۆرورد لەگەل خەسرەوسایە

**فۆر ۆرد: ئیستاهیچ کەس ناتوانی تاوانەکان و سروشتی کۆنەپەرستانەی دەستەو تاقمی ئیسلامیو لەوانەش دەستەو تاقمی ئیسلامی لەعیراق، بشاریتەوە. بەلام بەشیك لەلایەنە چەپەکان لەوولاتانی رۆژئاوا دەلین ئەوە راستە کە کۆمۆنیستەکانی عیراق دژایەتی هیزە ئیسلامیەکانی خۆیان بکەن، بەلام بەگویرەی کۆمۆنیستەکانی رۆژئاواوە کەئەولەویەت دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمە، دروست نیە دژایەتی هیزەکانی ئیسلامی بکری. لەمبارەوە ئیوە دەلین چی؟**

خەسرەو سایە: ئەگەرچی بۆچوونی راست وچەپ لەوولاتانی رۆژئاوا لەبەرامبەر رۆژهەلاتدا ولەوانەش لەبەرامبەر کۆمەلگای عیراق وپیکهاتووەکانی، بەرووالەت دوو بۆچوونی جیاواز دەخەنەروو بەلام لە ناوەرۆکدا هەردووکیان لەسەر بناغەی ئینکارکردنی واقعیەتە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی ئەم وولاتانە سیاسەت ولیکدانەوەی خۆیان ئاراستەدەکەن. لەدیدگای راستدا، ئیمەلەگە بۆچوونیکی ئۆرنتالیستانە–ئیستشراقی –و پۆست مۆدیرنیستی بەرەو روین، کەپیی وایە عیراق و ولاتانی رۆژهەلات کۆمەلگایەکی دواکەوتووی پیکهاتوو لەچەند رەگەز وقەوم وتیرەو ئاینەو تەنانەت هیشتا پاشایەتی هیزیکی کارگەری نیو ئەو کۆمەلگایانەیە. بەلام ئەوەی لەپشتی ئەم بۆچوونەوە راوەستاوە پرۆژەیەکی سیاسییە کەدەیەویت دەسەلات وحکومەتیکی پرۆئەمریکایی ورۆژئاوایی، تەبریربکات کەجوت بیت لەگەل سیاسەتی دەرەکی ئەمریکاو رۆژئاوادا وئەمەش بەناوی "دیموکراتیزەکردنی کۆمەلگا"وە لەم ولاتانەدا بانگەوازی بۆدەکری. لەمبارەوە "عیراقی کوردەکان"،"عیراقی عەرەبی سونی وشیعی"،"عەشائیرە عەرەبەکان"،"ئاشوری وتورکمان"،"پاشماوەکانی پاشایەتی .. کۆمەلەی ئەو دەستەواژانەن کەهەر لە سەرەتای جەنگی کەنداودا لەلایەن رۆژئاواوە بۆ پیناسەکردنی کۆمەلگای عیراق هینرانە کایەوە. بەلام لەدیدگایچەپدا "ئیمپریالیزم" کەچەمکیکی میحوەری داگیرکردووە، لەسەرمایەداری سەردەمی ئیحتکارات و کۆنەپەرستی بۆرژوازیەوە گۆردراوە بە فیتیشیزمیك کەدەبی "شەری هەمووان"ی لەبەرامبەردا بۆ بەری بخری. بەم پییەش"ئەنتی ئیمپریالیزم" وئەنتی ئەمریکایی" میحوەری بیرکردنەوە و لیکدانەوەی سیاسی چەپیك پیکدینی کەلەدوا ئەنجامدا "ئیمپریالیزم" ووجودی ئەمریکایی بەسەرچاوەی هەموو بەلاو موسیبەتەکانی کۆمەلگای عیراق و رۆژهەلات دەزانی و ئیتر ئامادە نییە نەکریکارو نەبۆرژوازی ونەسەرمایەو سەرمایداری و تەنانەت نەکۆمەلگای مەدەنی و هەموو ئەو بزوتنەوانە ببینی کەوەك بەرهەمیکی واقعی سیستەمی سەرمایەداری وچینە ئەسلییەکانی دەکەونە بەرامبەر بەیەکەوە وبەمجۆرەش هەموو خەلك لەیەك "جەبهەی دژی ئیمپریالیستی" و "دژی بیگانە" دا کۆدەکاتەوە.

بەلام ئەگەر باوەرو بۆچوونەکانی راستی رۆژئاوا لەلایەن ئەکادیمیاو لیکۆلەرەوە بۆرژواییەکانی سەر بەدەولەتەوە ولەئەنجامی تەحریف و ئاوەژوکردنەوەی فەلسەفەی پیشکەوتوو ئینسانی وئەو باوەرە فەلسەفییانەوە بەرهەم بیت کەسەرچاوەیان خودی کۆمەلگای مۆدیرنی رۆژئاوایە، ئەوا چەپی ئەنتی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا وەك رەنگدانەوەیەك لە باوەرە دواکەوتووەکانی ناسیونالیزمی چەپ و پۆپۆلیزم کەلەوولاتانی رۆژهەلاتدا وبەدوای سەردەمی ئیستعماری و سیاسەتی کۆلۆنیالیتیدا پەیدابووە، خۆی نیشان دەدا. خەلکگەرایی وناسیونال چەپیکی دژی مودیرنستی ودژی پیشکەتنخوازی لەولاتانی رۆژهەلات کەسالانیکی زۆر خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشانی ئەم ولاتانەیان لەژیر ناوی راوەستانەوە بەرووی "بیگانە وئیمپریالیزم" کردە فەلسەفەی وجودی خۆی وئەوانی بۆ داکۆکیکردن لە"ئەفسانەی بۆرژوازی نیشتمانی شۆرشگیرو پیشکەتنخواز" بانگهیشت دەکرد، بۆ ئەو ئامانجە سیاسییە بوو کە پرۆژەی" سەرمایەدارییەکی خۆولاتی، میللی وئاوەدان" دامەزرینی، سەرمایەدارییەك کە لەجەوهەردا هەمان خەسلەت و ماهیەتی زالمانەی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزمی لەوولاتانی رۆژئاوادا هەیەو بەهەمان شیوە پشتی بەچەوسانەوەی نیزامی کاری بەکری بەستووە. چەپی "ئەنتی ئیمپریالیستی" رۆژئاوا، پۆپۆلیزمیکی پیچەوانەی ئیلهامگرتووە لەهەمان دیدگای ناسیونال چەپ و خەلکگەرایی رۆژهەلات بۆتەبریرکردنی بۆرژوازی وبزوتنەوەکانی دنیای ئەمرۆ. بناغە کۆمەلایەتییەکانی ئەم چەپە راوەستانی حاشیەیی و بیرەبتییەکی ئاشکرایە بەکۆمەلگاو واقیعیەتە سیاسی وچینایەتییەکانی سەرمایەداری سەردەم و هەولدان بۆ گیرانەوەی حەیسیەتی فیرقەیی لەبەرامبەر رابردووی کۆلۆنیالیزم وغەدری بۆرژوازی میترۆپۆلدا وبەم هۆیەشەوە کەوتۆتە داوی داکۆکیکردن لەبۆرژوازی وبزوتنەوەکانی لەرۆژهەلات. لەتیرمینۆلۆژی ئەم چەپەدا "ئیمپریالیزم" "شەیتانی گەورە" وسەرچاوەی شەرو خراپکارییە، بەلام ناسیونایزم و ئیسلامی سیاسی وسەرمایەداری لەرۆژهەلات دیاردەیەکی موسبەتەو دەبی لایەنگرییان لیبکری. لەباری سیاسیشەوە "ئەنتی ئیمپریالیزم" بۆئەم چەپە زۆرتر نیشانەیەکە بۆ بەرائەت نیشاندان وخۆجیاکردنەوە لە بۆرژوازی رۆژئاوا، لەسەر حسابی ئینکاری سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی و وجودی چینی کریکارو بزوتنەوەی موتەمەدنانەی ئەم چینە کەراستەوخۆ لەبەرامبەر بۆرژوازی وکۆنەپەرستیدا راوەستاوە. دەرکیشانی خەبات لەدژی ئیسلامی سیاسی وبگرە راوەستان لەپشتی ئەم بزوتنەوەیەوە، هاوکات سپاردنی خەبات لەدژی ئیسلامی

سیاسی، کە تاوانە دژی ئینسانی‌یەکانی لەسەراسەری دنیادا ڕۆژانە دەبینرێ، بەتەنها بە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات و خۆبێبەری کردن لەم خەباتە، جگەلەوەی پێناسەیەکی یەکجار هەڵەو ناڕاست لە کۆمۆنیزم و خەباتی کۆمۆنیستەکان لەم سەردەمەدا نیشان دەدات، بەڕۆشنی چەپی ئەنتی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لەبەرەی خەباتی ئەنتەرناسیونالیستی دەردەکێشێ و دەیباتە بەرەی کۆنەپەرستی بۆرژوازی‌یەوە ولەکەنار ئیسلامی سیاسی‌دا بەتاوانەکانی‌یەوە ڕای‌دەکرێ. دیفاع لەجمهوری ئیسلامی و خومەینی لەئێران وتاقمەکەی موقتەدا صدر لەعێراق ببەهانەی ئەوەی ئەمانە "دژایەتی ئیمپریالیزم" دەکەن نموونەیەک لەسیاسەت و هەڵوێستی نائینسانی وکۆنەپەرستانەی ئەم چەپە لەڕابردووی و ئێستادا نیشان دەدات.

**فۆر ورد: بەدوای ئەم بۆچوونانەدا ئایا دەکرێ کرێکارن و کۆمۆنیستەکان خۆیان بەبزوتنەوەی دژی ئیمپریالیستی بناسێنن؟ بەواتایەکی‌تر دەکرێ ئێوە بەخۆتان بڵێن هێزێکی کۆمۆنیستی دژی ئیمپریالیست لەعێراق؟**

خەسرەو سایە: بەڵێ ئێمە هەم دژی ئیمپریالیزمین وهەم خۆشمان بەهێزێکی تا ئەوپەڕی ئەنتی ئیمپریالیستی دەزانین، بەڵام لەمبارەوە هەم لەگەڵ ناسیونالیزمی چەپ و خەڵکگەرایی ڕۆژهەڵاتی و هەم چەپی ئەنتی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوادا سنوربەندی‌مان هەیە. بەتایبەتی کەبەلای ئەم دوورەوتەوە چەمکی ئیمپریالیزم لەسەرمایەداری جیادەکرێتەوە وباری مەنفی لەخودی سەرمایەداری وچینی بۆرژوازی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات نابینن وخەباتی دژی ئیمپریالیستی‌یان بۆسەرئاستی دژایەتی کردنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتانی زلهێز دادەبەزێنن و بەم هۆیەشەوە سەرمایەداری میللی وبۆرژوازی خۆوڵاتی وبزوتنەوەکانی لەوانەش بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی شەرقی لەچوارچێوەی بەرەی دژی ئیمپریالیستی‌دا بەموسبەت و بەنوێنەرانی خلەک هەڵدەسەنگێنن. تەنانەت لەباشترین حاڵەتدا ئەنتی ئەمپریالیزمی ئەم جۆرە لەچەپ لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بەدژایەتی کردنی کۆمپانیای چەند نەتەوەیی و بازرگانی دەرەکی دەوڵەتانی میترۆپۆل بەدەستەوە دەگیرێ، هەروەک بزوتنەوەی "ئەنتی گلۆبالیزەیشن" نیشانی‌داوە، کەدژایەتی ئیمپریالیزم دژایەتی سیستەمی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە نی‌یە بەڵکو دژایەتی‌یەکە لەبەرامبەر ئەو بێعەدالەتی‌دا کەلەئەنجامی بازرگانی کۆمپانیا وسەرمایە فرە نەتەوەیی‌یەکانەوە پەیدا دەبێ. بەپێچەوانەی هەموو ئەم بۆچوونانەوە ئەنتی ئیمپریالیزم بەلای ئێمەوە لەوێوە سەرچاوەدەگرێ کە ئیمپریالیزم هەمان سەرمایەداری سەردەمی ئینحصارات و کۆنەپەرستی بۆرژوازی‌یە، کەلەسەر بناغەی سیستەمی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی کرێکاران دامەزراوە، جەنگ وداگیرکاری وکۆنەپەرەستی بۆرژوازی بەووتەی لینین بەشی جاینەبوەوەی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری‌یە. خەباتی ئێمە لەدژی ئیمپریالیزم خەباتە لەدژی نەفسی ئەم سیستەمەو چینی بۆرژوازی کە پارێزەری مانەوەو ڕاگرتنی ئەم سیستەمەو جەنگ وکۆنەپەرستی‌یەکە کەبەسەر دنیای ئەمڕۆدا دای دەسەپێنێ. بەلای ئێمەوە خەباتی دژی ئیمپریالیستی لەدەورەیەکدایە کەسەمایەداری وەک نیزامێکی ئابووری وسیاسی لەهەموو دنیادا لەوانەش لەعێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵات خۆی داسەپاندووە، بەم هۆیەشەوە سەرمایەداری میللی و بۆرژوازی نەتەوەیی و پێشکەوتن خواز لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات یەک ئەفسانەی بۆچە ونەک هەر هیچ ناوەڕۆکێکی ڕادیکاڵ و ئینسانی بەقازانجی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوە نی‌یە، بەڵکو ڕاستەخۆ لەبەرامبەر ئازادی سیاسی و مافەمەدەنی‌یەکانی خەڵکدایە. تەنانەت بەلای ئێمەوە دەورانی کۆلۆنیالیستی و ئیستعماری و غەدری ئیمپریالیستی تەواو بووە وبۆرژوازی ونیزامەکەی لەڕۆژهەڵات وڕۆژ ئاوا، یەک ماهیەت ویەک سیستەمی چەوسێنەرانەیان هەیەو ڕاگرتنی ئەم سیستەمەو هێشتنەوەی لەدەستی خۆیاندا ستراتیژیەکی هاوبەشیانە. هەرجۆرە پێکدادان وجەنگ وکێشەیەکی نێوان بەشەکانی بۆرژوازی لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، تەنها لەسەر ئەوەیە کە ئەم یان ئەوبەش وئەو بزوتنەوەیەی بۆرژوازی دەتوانێ سیستەمی سەرمایەداری بپارێزێ وهەلومەرجی سەرکوت وچەوسانەوەی کرێکاران لەکۆمەڵگاو دنیای ئەمڕۆدا بەباشی ڕابگرێ. بەم مانایەش خەباتی دژی ئیمپریالیزمی ئێمە نەک هیچ هەقانیەت ولایەنگری‌یەک نادات بەناسیونالیزمی جیهان سێهەمی وئیسلامی سیاسی، بەڵکو ئەم بزوتنەوانە زادەی نەفسی سیستەمی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزمن بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و ئارایشت دانەوەی دنیا.

**فۆرورد: ژمارەیەک لە کەسایەتی چەپ لەڕۆژ ئاوا داکۆکی لەوەدەکەن کەئەوە ڕاست نی‌یە هێزەئیسلامی‌یەکان بەسادەیی بەهێزێکی بۆرژوازی ناوبنرێن، چونکە ئەم هێزانە لەو کۆمەڵگایانەی کاری تێدادەکەن لەلایەن چینی کرێکارو توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵەوە پشتیوانی دەکرێن ، بۆنموونە بەشی زۆری ئەندامانی تاقمەکەی موقتەدا صدر لەچینە چەوساوەکانی شاری "السورە" و شارەکانی خواروو پێکهاتوون. لەمبارەوە ئەو پرسیارە هەیە کە ئایا ئەم هێزە ئیسلامی‌یانە هێزی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازین یان نوێنەری چینی کرێکار وهێزی شۆرشگێرن.. وەلامی ئێوە لەمبارەوە چی‌یە؟**

خەسرەو سایە: ئەوە ڕاستە کەبەشێک لەپێکهاتی هێزە ئیسلامی‌یەکان ولەوانەش تاقمەکەی موقتەدا صدر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشن، دیاردەیەکی ئاواش دەلائیلی خۆی هەیە کەناکرێ لێرەدا بچینە سەریان، بەڵام ناسینەوەی محتەوای چینایەتی هەر حیزب وهێزێکی سیاسی لەورووەوە نی‌یە کە پێکهاتی ئەوهێزە لەکێ پێکهاتووە، ئەمە دەرکێکی صنفی وغەیرە سیاسی ومیکانیکیانەیە لەچینەکان و خەباتی چینایەتی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو کۆمەڵگا. تەنانەت ئەگەر بەم بۆچوونەوە سەرنجی بەشێکی زۆر لەئەحزاب و دەوڵەتانی دنیای ئەمڕۆ و سوپایان بدرێ ئەوا دەبێ پێیان بوترێت ئەحزاب و دەوڵەت و سوپای شۆرشگێرانەو کرێکاری، چونکە بەشی زۆری ئەم پێکهاتووانە

لەخەلکی بیکارو هەژاری کۆمەلگا پیکهاتووە. بۆرژوازی وەك چینیك هەمیشە کەمایەتی بووە و کەمایەتی کۆمەلگاش پیکدینی بەلام پیکهاتی کام حیزب و دەولەت و سوپای بۆرژوازی هەیە لەدنیای ئەمرۆدا کەلەزۆرایەتی خەلکی کریکارو زەحمەتکیشی کۆمەلگا پیك نەهاتبی! هەربۆیە پیکهاتی ئینسانی هەر حیزب وهیزیکی سیاسی ئۆتۆماتیکی ئەو هیزو حیزبە ناکات بەهیزو حیزبیکی ئەم یان ئەو چینی کۆمەلایەتی. هیزە ئیسلامیەیەکان و تاقمەکەی صدریش لەم حوکمە بەدەر نیە.

بەلام لەروانگەی تیوەریوە مارکسیزم پیناسەو دەرکیکیتری لەمبارەوە بەدەستەوە داوە، بەشیوەیەکی تەجریدی لەمیتۆدی مارکسیستیدا بۆرژوازی وکریکار بەو دووچینە دەوتری کەلە پرۆسەی بەرهەمهینانی کۆمەلایەتییدا یەکەمیان خاوەنی سەرمایەو هۆیەکانی بەرهەمهینانە و دووەمیان تەنها خاوەنی هیزی کاری خۆیەتی و لەبەرامبەر کرییەکی کەمدا ئەم هیزەی خۆی دەفرۆشیت. بەلام وەختیك ئەم پیناسەیە دەبینە نیو کۆمەلگاو خەباتی سیاسی و چینەکانەوە وبەتایبەتیش لەدەوریەکدا کە ئەزمەی حکومەت و کیشەی دەسەلات لەبەرامبەر چینەکاندا مەترحە. ئیتر ناکری بەم پیناسە تەجریدییەوە لەمەوقعیەتی ئەحزاب وهیزە سیاسییەکانی کۆمەلگا ومحتەوای چینایەتییان بروانین. بەتایبەتی کەهەم بۆرژوازی وهەم کریکاران هەلگری بۆچوون وگرایشی سیاسی جۆراوجۆرو تەنانەت دژبەیەکن، کەدەبیتە بناغەی دروستبوون و سەرهەلدانی چەندین ئەحزاب و هیزی سیاسی جۆراوجۆر، کە هەریەکەیان لەریگای ئاسوو بەدیل وریبازی سیاسییانەوە دەیانەویت وەلام بەنیاز وبەرژەوەندی چینەکان بدەنەوە و بەم پییەش نوینەرایەتی هەریەك لەکریکاران وبۆرژوازی بکەن. لەدەورانی قەیرانی سیاسیدا کەکیشمەکیش لەسەر دەسەلات وداهاتووی حاکمیەت لەگۆردایە، سیاسەتی ئەحزاب و هیزەکان وەك تەعبیریك لەمەرکەزی ئابووری چینەکان جیگادەگرن نەك ئەوەی کەپیکهاتووی ئینسانی هەریەك لەم هیزو حیزبانە چییە. لەم دەورانەدا کەبرانەوەی دەسەلات لەزاویەی هەریەك لەچینەکانەوە میحوەرییە بۆ سازدانەوەی سیستەمی ئابووری، پرسیاری ئەوەی کەلەچ ریگایەکەوە وبەکام بەدیلە کۆمەلگا لەقەیرانی مەوجود رزگاری دەبی، دەبیتە پیوانەی واقعی بۆ پیناسەکردنی هەریەك لەحیزب و هیزەکان کە نوینەری کام چینی کۆمەلایەتین. لەقەیرانی ئیستای حاکمیەت وسیناریۆیەکی رەش کەلەعیراقدا خولقاوە، ئەحزاب و بزوتنەوەی ئیسلامی لەوانەش تاقمەکەی موقتەداصدر، دووریباز ویەك بەدیل و شیوەی حاکمیەتیان بۆ دەربازکردنی نیزامی سەرمایەداری ودەسەلاتداریتی بۆرژوازی لەعیراقدا دیاری کردووە: یەکیکیان لەریگای قانونی وراوەستانی لەکەنار نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکادا و ئەوی تریشیان بەدژی ئیحتلال ومەوجودیەتی ئەمریکا وهەردوکیشیان حکومەتی ئیسلامی بەدیلیانە، ئەمانە ناتوانن نوینەرەوەی ئازادی و ئەمنەیەت و زیندەگی خەلکی عیراقبن و بەم پیوانەیەش حیزب و هیزی رەشی بۆرژوازی لەنیوئەوزاعەکانی ئیستای عیراقدا نوینەرایەتی دەکەن. ئیسلامی سیاسی و تاقمەکەی صدر کەهیشتا بەدەسەلات نەگەیشتوون، لەدژی کۆمۆنیستەکان وئازادی خوازی و مەدەنیەتی کۆمەلگادا فتواو "جەنگ لەدژی کافر"یان راگەیاندووە. ئەمانە کەتیرۆر وسەربرینی ئینسان وتەقاندنەوەیان کردۆتە ریبازی مقاوەمەتیان و منالان وژنان کە نیوەی کۆمەلگان بەزۆر حیجاب دەکەن و سەرکوتی هەرجۆرە ئازادی و مافیکی فەردی خەلکی ژیر دەستی خۆیان کردووە وچاویان بەبوونی سینەماو ئاهەنگ گیران و سەیران و گویگرتن لە مۆسیقا هەلنایە بەچ پیوانەیەك دەکری وەك نوینەری خەلکی کریکارو زەحمەتکیش بناسینرین؟ ئەمانە کەدەیانەویت جمهوری ئیسلامی، یانی ئیستبدادی ئیسلامی وحکومەتی ئیعدام وزیندان وسەرکوتی ئازادییەکانی خەلك وبەردەبارانکردنی ژنان و ریگرتن لەمانگرتنی کریکاران وبەستنی ریکخراوەکانیان، لەپال پەرەدان بەهەژاری وبیکاریدا داسەپینن، دەکری بەهیزیکی شورشگیرو سەر بەچینی کریکار دابنرین؟ .بەبروای من ئەوانەی حوکمی بۆرژوازیبوون و کۆنەپەرستبوون، بەدەلیلی پیکهاتی ئینسانی لەدەستە وتاقمی ئیسلامی و تاقمەکەی صدر دەسەننەوە وخەریکن تیوەری بۆدادەتاشن، لەسەرەتاوە هەلویستی دیفاع لەم رەوتانەیان هەلبژاردووە تائەوەی تیوەریك پیشکەش بکەن. ئەگینا کی هەیە هیزیك کەئازادی و ژیان ومەدەنیەت لەخەلك بسەنیت، هەرئەو هیزەش بەنوینەری خەلك بناسینیت!

**فۆر وۆرد: ئایا بەلای ئیوەوە خەباتی چەکداری دەتوانی بەیەکیك لەئامرازەکانی خەباتی کریکاران لەمسەردەمەدا بەحساب بیت؟ وادیتە بەرچاو کەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق خەباتی سیاسی لەئیستادا لەدژی هیزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو بۆرژوازی ناوخۆ هەلبژاردووە ، ئایا ئەمە کافیيە بۆ بەدیهینانی ئامانجی حیزب بۆ دەرکردنی هیزەکانی ئیحتلال و سرینەوەی دەوری ئەحزابی ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعس و دوورخستنەوەی سیناریۆی رەش ؟ لەژیر سایەی کام هەلومەرجەدا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دەست دەبات بۆ خەباتی چەکداری؟**

خەسرەو سایە: بەلی چینی کریکار بۆ دیفاع لەخۆی و دەستکەوتەکانی وەبۆ دامەزراندنی دەسلاتداریتی چینایەتی خۆی پیویستی بەدەستبردن بۆ چەك هەیە، بەتایبەتی کەئەم چینە لەبەرامبەر زەبروزەنگی بۆرژوازی وبزوتنەوەکانی بەرەورووە وهاوکات خۆی لەگەل سوپاو زیندان ودەیان دەزگای میلیتاریستی تری دەولەتی سەرمایە دەبینی، ناتوانی هەربەریگای مانگرتن و خۆپیشاندانی سیاسی وسەراسەری لەمەیدانی کیشمەکیشە چینایەتییەکاندا بۆ گۆرینی کۆمەلگای مەوجود بمینیتەوە. بەلام کریکاران وەك چینیکی مۆدیرن وشاری رەوشت و شیوەی خۆی هەیە کەلەبنەرەتەوە جیاوازە لەگەل شیوەی خەباتی چەکداری باوی ناسیونالیزم وناسیونالیستی چەپ کەلەبزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی ونەتەوەییەکاندا دەستی بۆبراوە. بۆکریکاران خەباتی چەکداری "تاجی سەری خەباتەکانی تر نیە"

تا باقی شیوەکانی تری بۆبخریتە خزمەتەوە. بەلام ئەوەی لەم پرسیارەدا بۆ ئیمە پیشنیار دەکری، نمونەی باوی خەباتی چەکداری ناسیونالیزم و بزوتنەوە چەکداریەکانیەتی کەلە سەدەی بیستدا وەك ئینعکاسیك لەبەرامبەر سیاسەتی کۆلۆنیالیستی وداگیرکاری ئیمپریالیزمدا دەستی بۆربراوە. نمونەیەك کەخەباتی چەکداری وەك هەویەتیکی گشتی بۆئیستراتیژی رزگارکردنی "خاکی نیشتمان"، بەتیوەری جەنگی گەلەوە پەیرەویان لیکراوە. بەلام بۆکریکاران دەستبردن بۆ چەك وخەباتی چەکداری ئینعکاسیکە لەژیانی مەدەنی وموقعیەتی کۆمەلایەتی و ئابووری ئەم چینە، کەلەپال شیوەکانی خەباتی سیاسی وئابووری و ریکخراوەیی وئاکسیۆنیدا بەپیویست بۆ دیفاع لەژیانی مەدەنی وئازادی وحورمەتی ئینسانی وئەو دەستکەوتانەی کەلەخەباتی کرکیاران و خەلکدا بەدەست هاتوون دیتەکایەوە. تەنانەت خەباتی چەکداری بۆ کریکاران لەبەرامبەر داگیرکەراندا گۆشەیەك لەمقاوەمەتی سیاسی ومەدەنی ئەم چینە بۆ هەمان ئامانج وبەدیهنانی حاکمیەتی جەماوەری پەیرەوی لیدەکری. ریکخستنی شورش، راپەرینی جەماوەری و چەکداری، راپەرینی شاری، پیکهینانی گروپی کۆماندۆیی بۆ عەمالیاتی عسکری مەقتەعی وناوچەیی، گاردی چەکداری حیزبی وشوراو یەکیتیەیە کریکاریەکان، تامیلیسی جەماوەری چەکدار وسوپای سور.. ئەمانە ئەوشیوە ریکخراوییوون و خۆنواندنە چەکداریانەیە کەهاوشانی خەباتی سیاسی وئابووری وجەماوەری چینی کریکار بەپیی هەلومەرجەکان دەبنە رەوشتیکی پیویست و دەینەکایەوە.

بەلام لەبارەی ئیمەو خەباتی چەکداریەوە، سەرەتا ئەو تەسویرە هەلەیە کەپیی وایە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەپیشدا دەورەی سیاسی دەگریتەبەرو دواتریش دەورەی خەباتی چەکداری. ئیمە دەورە بەندیەیەکی ئاوا رەت دەکەینەوە، بەتایبەتی کەئەگەر مانای خەباتی چەکداری هەربەو شیوەیە نەبینین کەلەلایەن دەستەوتاقمی ئیسلامی وپاشماوەکانی بەعسەوە، لەنیو ئەوزاعەکانی ئیستای عیراقدا، پەیرەوی لیدەکریت، ئەوا هەرئیستا حیزبی ئیمە چەکدارەو هاوشان لەگەل بردنە پیشەوەی شیوەکانی تری خەباتدا تیدەکۆشین بۆ بەرینکردنەوەی ئارایشتی چەکداری خومان و چەکدارکردنی جەماوەری خەلك وریکخراوە جەماوەریەکانیان، لەئیستراتیژیەکی سەربازیدا. وەلەم ریگایەشەوە تیدەکۆشین بۆ پیکهینانی تەوازنی هیزی کافی عسکری لەراستای کردنە دەرەوەی هیزەکانی ئیحتلال ودەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیانی خەلك و دامەزراندنی حاکمیەتی جەماوەری وکونترۆلی نوینەرانی خەلك بەسەر بووارەکانی ژیانی خۆیاندا، چ لەئاستی گەرەك و شارو ناوچەیەك وەیا لەئاستی سەراسەریدا. ئامانجی ئیمە لەم خەباتە گیرانەوەی ژیانی مەدەنی و ئەمنیەت و ئازادی کۆمەلگاو کۆتاییهینانە بەسیناریۆی مەوجود.

**فۆر ۆرد: حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دژایەتی تەواوی هیزە ئیسلامیەکان دەکا وهەموویان لەیەك خانەدا دادەنی، لەکاتیکدا جیاوازی لەنیوان ئەم هیزانەدا هەیە. بۆنمونە حیزبی دەسەلاتدار لەتورکیا جیاوازە لەگەل ریکخراوی القاعیدە. تەنانەت هیزە ئیسلامیەکان خۆیان وەك یەك بزوتنەوە چاولیناکەن، لە پاکستان هەندی ریکخراوی سوونی کاریان تەقاندنەوەی مزکەوتی شیعەکانە.. چ لیکدانەوەیەك لە پشت ئەم هەلویستەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە هەیە؟**

خەسرەو سایە: ئەوە راستە کە جیاوازی لەنیوان دەستەوتاقمی ئیسلامی لەدنیای ئەمرۆدا هەیە وخۆشیان لەزۆر بۆنەدا ئەمە دووپات دەکەنەوە، بەلام ئەم پرسیارە زۆرتر دەیەویت پیمان بلیت کە جیاوازیەکان لەنیوان "ئیسلامی میانەروو و توندرەو"، لەنیوان" ئیسلامی ئیصلاحی ودیموکرات وئیسلامی ئیرهابی" دایە. دابەشکردنیکی لەمجۆرە لەدەولەتانی رۆژئاواوە داکەوتووە و دواتریش دەولەتانی بۆرژوازی وئەحزابی ناسیونالیستی ودیموکراتخواز وبەشیك لەنوسەران وروشنبیرانی رۆژهەلاتی گرتۆتەوە.. ئامانج لەم دابەشکردنەش بردنە پیشەوەی سیاسەتی هاورایی بوونە لەگەل ئیسلام تا خستنەرووی لیکدانەوەیەکی تیوەریکی و زانستی، سیاسەتیك کەریکەوتن لەگەل ئیسلامی سیاسی پەسەند دەکات بەخاتری تیکەل کردنی لەگەل یاساکان و ژیانی خەلك وسیستەمی سیاسی مەوجود، لەسەر حسابی پەلاماردانی سکولاریزم وکۆمەلگای مەدەنی وماف وئازادیە شەخصیەکانی هاوولاتیان. هاوکات لەم جۆرە دابەشکردنەدا چەند راستی خۆی بەیاندەکات: یەکەمیان دەولەتان و بۆرژوازی رۆژئاوایە کەلەهەولدایە بۆلاخستنی پرۆژەی "دەولەتی سکولار" کەبەرهەمی شۆرشی گەورەی فەرەنساو سەردەمی رینیسانسە، دووەمیان بۆرژوازی و دەولەتە لەرۆژهەلات کەلەبنەرەتەوە خۆی لەسەر بناغەکانی مەزهەب وئیسلام دامەزراوە ولەم ریگایەشەوە ئیستبدای قەومی و"پرۆژەی دەولەتی سەرکوت"ی دامەزراندووە. سیهەمیشیان ئەم دابەشکردنە ئەو پەیامە سیاسیە رادەگەیەنیت کە دەولەتان و چینی بۆرژوازی ئیسلامیان قبولە بەلام تیرۆریزمەکەیان قبول نیە، واتە قبولیانە لەدەستور وپاسادا بەپیی ئیسلام ژنان بکەنە هاولاتی پلەدوو وەئەگەر هەستا بەگرتنی پەیوەندی جنسی بەیاسای" غسل العار" و"گیرانەوەی شەرەف" سزای ئیعدام وەیا بەردەباران بەسەریدابدری. تەنانەت قبولیانە سیاسەتی جیکاری وحیجابی منالان و قەدەغەکردنی سینەماو مەشروبخۆری ودەیان بریاری سەرکوت گەرانە بەپیی ئیسلام بەسەر کۆمەلگادا داسەپیندریت بەلام "تیرۆریزمی ئیسلامی"یان قبول نیە چونکە ئەمەیان ئەمنەیتی سەرمایە و بازاری سەرمایەداران و دەسەلاتی بۆرژوازی دەخاتە خەتەرەوە. لەیەك ووتەدا ئەم دابەشکردنە بۆئەوەیە کە دەسەلاتداران پیمان بلین بەلاو موسیبەتەکانی ئیسلام بەسەرخەلکدا قبول دەکەین بەلام ئیسلامیك کەدەیەویت هەرەشە لەدەسەلاتمان بکات قبولناکەین.

ئیمە پویستمان بەم دابەشکردنەی ئیسلامی سیاسی نیە، چونکە پیمان وایە هەرجۆرە سازش و ریکەوتنیك لەگەلیدا بەدژی هەویەتی ئینسانی وسکولاریزم وئازادی وعەقلانیەتی ئینسانی هاوچەرخە. بەلای ئیمەوە ئیسلامی سیاسی بەهەموو جیاوازی و لیکچووەکانیانەوە، هەموو حیزب و دەستەو تاقمەکانی چ ئەوانەی دەسەلاتدارن وەیا لەدەرەوەی دەسەلاتدان، یەك بزوتنەوەی سیاسی کۆنەپەرست و قەهراوی بۆرژوازی سەردەم پیکدینن کەیەك بناغەو ناوەرۆکیان هەیە. دامەزراندنی دەسەلاتی خوا لەسەر زەوی بەپویست ئیسلامی سیاسی چ وەك مەکتەبیکی فکری و چ وەك یاسا و شەریعەت و سیستەمیکی دەسەلات و دەولەت ئەگەر بەشیوەی "تیرۆرو قەهر " بەسەر کۆمەلگادا داسەپیندریت، وەیان بەشیوەی "ئیصلاحات و دیموکراتیك" جگەلە خورافەو بیمافی و سەرکوت و هەلاواردن، هەژاری و بیکاری و نەبوونی هیچ کارنامەیەکی‌تری لەدەستوردا نیە. بەلای ئیمەوە ئیسلام لەهەر رەنگ و بۆیەکیدا بیت لەزگیەکەو دەنریت بەجەستەی کۆمەلگای موتەمەدینی سەردەمەوە. ئیسلام وەك هەر ئایدۆلۆژیایەکی ئاینی خورافیە وئینسان تەسلیم بەکۆیلەیەتی و ژیردەستەیی ودواکەوتوویی چینە دەسەلاتدارەکانی کۆمەل دەکات. وەك یاسا و شەریعەت، سەروکوتگەرەو بناغەی هەلاواردن و بیمافی رادەگری تەنانەت کوشتنی ئینسان یەك حوکمی بناغەیی ئیسلامە. وەکو حکومرانی وسیتسەمی دەولەتیش حکومەتی مەلا وئاخوند وپیاوانی ئاینیە، حکومەتی سەرمایەداران و بازرگانان و چەوسانەوەی زۆرینەی خەلکە، سیستەمی کاری بەکری وهەژاری ونەداری و بیکارییە، حکومەتی سوپاو چەکی کۆکوژ و زیندان و ئیعدامە... کارنامەی ئیسلامی سیاسی بەگشتی لەهەر وولاتیکدا لەمە بەدەرنیە، بەلام ئەوەی ئەم یان ئەو دەستە وتاقمی ئیسلامی دەست لەم بەرنامەیەی خۆی هەلدەگری و بەتەواوی پەیگیری لیناکات لەوەوە نیە کە ماهیەتیکی‌ترو خاسیەتیکی تری لەم بەرنامەیە بۆخۆی هەلبژاردووە، بەلکو ئەوە بەرهەمی تەوازنی هیزەکانی کۆمەلگاو بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان ورەوتی پیشکەوتن خوازی وسکولاریزم و مەدەنییەتی کۆمەلگایە کەئەوانی ناچارکردووە بەهەولیستیکی لەوجۆرە. ئیسلامی سیاسی چاکسازی و دیموکراتیزەکردن هەلناگری چونکە ماهیەتی وەك ئاینیك، ریگەنادات بەمارتن لۆتەریکی ئیسلامی تاپرۆسەی چاکسازی ئاینی لەئیسلامدا بەدی بینی. لەم روانگەیەوەیە کەئیمە هەموو رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی وەك یەك دەبینین وپیمان وایەکە کۆمۆنیزمی ئەم سەردەمە دەبی رەوتیکی تائەوپەری دژی ئیسلامی سیاسی نوینەرایەتی بکات. چونکە بەبی دەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیانی خەلك و کۆمەلگا ناکری باس لەئازادی و خۆشگوزەرانی و پیشکەوتنی کۆمەلایەتی بکری.

**فۆر وۆرد: ئایا پیتان وانیە دانانی تیرۆریزمی بەرگری و تیرۆریزمی داگیرکەران لەیەك خانەدا هەلەیە؟ بۆنمونە لەفەلەستین ئایا ئیوە تیرۆریزمی دەولەتی داگیرکەری شارون و تیرۆریزمی حماس کەلەژیر سایەی داگیرکاری و تاوانەکانیدا دەژی، لەیەك خانەدا دایاندەنین؟ وەهەروەها لەبارەی مقاومەچییان لەعیراقدا، ئایا ئەوە پیویست نیەکە جیاوازی لەنیوان تیرۆریزمی هیزەکانی ئەمریکاو تیرۆریزمی بزوتنەوە ئیسلامیەکان بکری؟**

خەسرەو سایە: تیرۆریزم، هەرتیرۆریزمە ئەگەربەناوی مقاوەمەتەوە بیت یان لەلایەن دەولەتانی داگیرکەرەوە پەیرەوی لیبکری. لەهەردوولاوە ژیانی مەدەنی و ئەمنیەتی خەلکی کرۆتە هەدەفیك. لەبارەی خەلکی فەلەستین و عیراقیشەوە ئەوە راستە کەحکومەتی شارۆن و ئیحتلالی ئەمریکی کۆشتارو تاوانی گەورەیان بەسەر خەلکی مەدەنی لەهەردوو ئەم ولاتەدا داسەپاندووە، بەلام ئەم تاوان و تیرۆریزمەی شارن لەفەلەستین و ئەمریکا لەعیراق هیچ هەقانیەتیك نادات بەتیرۆریزمی حماس وجیهاد لەفەلەستین و دەستەوتاقمی ئیسلامی لەعیراق. تیرۆریزمیك کەحکومەتی شارون وئەمریکا لەلایەك ودەستەوتاقمی ئیسلامی لەلایەکی‌ترەوە دەستی بۆدەبەن جەنگیکی کۆنەپەرستانەو ئیسان کوژی دووبەرەی تیرۆریزمی جیهانیە ولەهیچ سەریکیانەوە پەیوەندی بەئازادی وبەدەستهینانی مافەکانی خەلکەوە نیە وبەپیی تاوان و کارنامەیەك کە هەردولا نیشانیانداوە لەیەك خانەدان. رزگاری خەلکی فەلەستین لەدەست حکومەتی شارۆن و خەلکی عیراق لەئیحتلالی ئەمریکی خواستیکی رەواو هەق خوازانەیە، بەلام هەرخواستیکی رەواو بزوتنەوەیەکی هەقخوازانە ناکری بەریگایەکی نائینسانی بەدەست بیت، ناکری خەلکی فەلەستین بۆ رزگاریان چاو لە تیرۆریزمی حەماس و جیهاد بکەن و ریگای کوشتن و پارچەپارچەکردنی جەستەی منالان و خەلکی مەدەنی ئیسرائیل بەریگای رزگاری خۆیان بزانن، هاوکات ناکری خەلکی عیراق بۆئەوەی لە ئیحتلال رزگاریان بی چاوببرنە دەستەوتاقمی ئیسلامی و ریگای تەقاندنەوە و سەربرینی ئینسان و سەرکوتی ژنان و ئازادیەکانی خۆیان هەلببژیرن. خەلکی فەلەستین و عیراق بەبیئەوەی ئەم بەرانەی تیرۆریزم لیك جیابکەنەوە، بەبی ئەوەی ببنە لایەنگری هیچکام لەم دووبەرەیەی تیرۆریزم دەتوانن ریگایەکی خەبات ومقاوەمەتیکی مەدەنی، سیاسی وچەکداری بەرووی تیرۆریزماندا بەهەموو جۆرەکانیاوە، بۆ پاراستن لەژیان و ئەمنیەتی خۆیان و بۆ رزگاربوون و بەدەست هینانی ئازادی وخۆشگوزەرانی بگرنەبەر.

**فۆر وۆرد: زۆرجار حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق واخۆی نیشان دەدات کە نەك هەر دوژمنی بزوتنەوە ئیسلامیەکانە بەتەنها بەلکو دژی رەوتی ناسیونالیزمی عەرەبیە، ئایا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دژایەتی هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و خەباتی نیشتمانی لەدژی ئیمپریالیزم، ئەوانەی لەژیر رابەری چەپدان دەکات. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەسالانی پەنجاکاندا بووایە، ئایا دژایەتی لەگەل خەباتی جمال عبدالناصر دەبوو لەخۆمالیکردنی قەناتی سویس ، دیارە کۆشتارەکانی عبدالناصر بۆسەر کۆمۆنیستەکان و کریکاران جیگای پشتیوانی نیە.. لەعیراق خۆتان هاورادەبینن لەگەل تەئیدی خەباتیك کە لەدژی ئەمریکا لەلایەن هیزەکانی ناسیونالیزم و تەنانەت ئیسلامیەکانەوە بۆ دەرپەراندنی ئەمریکا**

**دەکری، ئایا ئەرکی ئێوە نیيە پشتیوانی لەم خەباتەبکەن؟ ئایا لینین داکۆکی لە مافی گەلان بۆ بریاردانی چارەنوسی خۆیان ولەخەباتیان بەجیالەوەی سروشتی ئەم بزوتنەوانە چیيە لەم پیناوەدا نەکرد، ئایا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەگەل لینیندا هاورایە یان بارودۆخەکە گۆردراوە.؟**

**خەسرەو سایە:** ناسیونالیزم بەگشتی وەك باوەرو بەشیك لەبزوتنەوەی بۆرژوازی، لەریگای داتاشینی هەویەتی درۆزنانەی قومی وئاوەژووکردنەوەی واقعیاتە چینایەتیيەکانی کۆمەلگاوە، ئەگەر لەرابردوودا خەبات وهەولی کریکاران وزەحمەتکیشانی بەبەهانەی دژایەتیکردنی بیگانە وئیمپریالیزمەوە بۆ بەدیهنانی ئامانج وبەرژەوەندیيەکانی بۆرژوازی قەومی ودامەزراندنی سەرمایەداری ئاراستەدەکرد، ئەوا لەدەوەری ئیستادا وەك کاردانەوەیەك لەکیشمەکیشی و بالادەستی راستی بۆرژوازی گەورەترین کارنامەی کۆنەپەرستی ودژی ئینسانی نیشانداوە.

بەلام پشتیوانی لنین بۆ "خەباتی رزگاری گەلان"، بەتایبەتی بەدوای شۆرشی ئۆکتۆبەر و هاتنەکایەوەی حکومەتی کریکاری لەرووسیا، هەلویستیکی دروست ورەوابوو، بەبیئەوەی لینین لەم هەلویستەیدا هیچ ئیمتیاز و رەوابوونیك بە بۆرژوازی و ناسیونالیزم لەنیو ئەم خەباتەدا بدات. دیفاعی لنین لە"خەباتی رزگاری گەلانی رۆژهەلات لەدژی ئیمپریالیزم"، گۆشەیەك لەئیستراتیژی شۆرشی سوسیالیستی ومحەکەم راگرتنی دەسەلاتی کریکاران بوو، لەبەرامبەر پەلامارو هەرەشەکانی بۆرژوازی جیهانیدا. بەلای لینینەوە ئەم بزوتنەوانە لەودەورەیەدا دەیتوانی ناوەرۆکی شۆرشگیرانەیان ببیت، بەدەلیلی ئەوەی کەئەم بزوتنەوانە ئاراستەبن بۆهەلتەکاندنی بناغەکانی دەرەبەگایەتی و دواکەوتویی لەلایەك و زەربەدان لەقودرەتی ئیمپریالیستی لەلایەکیترەوەو بەم جۆرەش کردنەوەی ریگا بەرەو هاتنە سەرکاری دەسەلاتداریتی جەماوەری کریکاران وزەحمەتکیشان. بەلام بەدوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەر لەبەرامبەر ئامانجە سوسیالیستیيەکانی خۆیدا و هاتنەسەرکاری ستالین وەك نوینەری بۆرژواناسیونالیستی روسیا ودابەشبوونی دنیا بەدوو کەمپی ئەمپریالیستی رۆئاواو رۆهەلاتەوە، ناوەرکی چینایەتی و کۆمەلایەتی ئەم بزوتنەوانە ئالوگۆریان بەسەرداهات. "بزوتنەوەی رزگاری و نیشتمانی"، بەتایبەت ئەو بزوتنەوە ناسیونالیستیيانەی کەلەدوای جەنگی جیهانی دووەم ولە سەردەمی سەرهەلدانی دنیای دووقوتبیدا شکلیان گرت، لەجەوهەردا بزوتنەوەی دامەزراندنی حاکمیەتی بۆرژوازی قەومی وسیستەمی سەرمایەداری دەولەتیبوون بەپشتیوانی سیاسەتی دەرەکی روسیای ئیمپریالیستی ووەك بەشیك لەناوچەکانی نفوزی ئەم بلۆکە جیگایان گرت . ناسیونالیزمی عەرەبی و"بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی عەرەبی" کەبەئالای یەکیتی خاك وپاراستنی موقەدەساتی نەتەوە ونیشتمانەوە هاتەمەیدانەوە، هەر لەسەرەتای خۆیدا نمونەی بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی دژی مودیرن وپیشکەوتن خوازی، ژیانی کۆمەلگای عەرەبی بەپیی هەویەتی ئیسنیکیو ئیسلامی وفەرهەنگی عەشیرەتی لەقالبداو کاتیکیش بەدەسەلات گەیشت لەژیر سایەی بەرهەمی چەوسانەوەی کاری هەرزانی کریکاران وداهاتی زۆری نەوتدا، دەسەلاتیکی سەرکوتگەری دامەزراند و چینیکی دەولەمەندی زەبەلاحی بەسەر سەری کۆمەلگاوە کردە خاوەنی هەموو موقەدەرات و بریاریکی کۆمەلگا. پرۆسەی خومالی کردنی کەنالەکانی ئاوی لەوانە قەناتی سویس لەمیسر وکەنالەکانی ریگاوبان وسەرچاوە نەوتیيەکان لەبەشیکی زۆر لە ولاتانی عەرەبی کە ئەم ناسیونالیزمە سالانیکی زۆر وەك مەیدانیك بۆدژایەتی کردنی بیگانە و برینی دەستی ئیمپریالیزم ئیدعایان بۆدەکرد، شتیکی تر نەبوو جگەلە پرۆسەی دامەزراندنی بازاری قەومی و میلی کردنی سەرمایەکان و کۆکردنەوەی لەدەستی دەولەت وبۆرژوازی قەومیدا، ئاکامیك کەلەبەرنامەی ئەم ناسیونالیزمە وخەباتی نەتەوایەتی ونیشتمانیيەکەیدا بەدیهات، راگرتنی کۆمەلگای عەرەبی بوو لەدواکەوتویی وکۆنەپەرستیداو تەنانەت هیندە پەلاماری دەرەبەگایەتیدا کەپیویستی بازار وسەرمایە بیخوازی، دواتریش هەرئەو ناسیونالیزمە بوو کەنەك هەر دەسەلاتداریتی ئیمپریالیستی لاواز نەکرد، بەلکو لەنیو بازار وبۆرسەکانی سەرمایەداری رۆژئاوادا ولەنیو مەحافیل وبلۆکبەندی سیاسی و دیبلۆماسیيەکانیدا کەوتە هاوپەیمانیتیيەوە و دەستی لەنیو دەستی "بیگانە و ئیمپریالیزم" داناو بەپیچەوانەی بەرژەوەندیيەکانی خەلکی ولاتەکەی خۆیەوە جولایەوەو تەنانەت ریگای کردەوە بۆهاتنی سوپاو بنکە سەربازیيەکانی ئیمپریالیزم، بۆسەر"خاکی نیشتمانیك" کەژیانی ملیۆنەها ئینسانی بۆکرا بەقوربانی. نمونەکانی بۆرژوازی ناسیونالیزمی عەرەبی چ لەمیسرو ولاتانی تر هەرئەمە بوو.

بەلام ئەوەی کەدەبی لەئیستادا بۆئەم باسە زیاد بکری ئەوەیە کە لەدنیای دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو هەلوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەلات، ئیمە لەگەل شەپۆلیك لەناسیونالیزم وبزوتنەوە نەتەوایەتیيەکان بەرەورووین کەخودی سەرهەلدانیان یەکیك لەمەلزوماتەکانی دارمانی بلۆکی رۆژهالات وسازدانەوەی نیزامی نویی جیهانین لەبەررۆشنایی دەسەلاتی تاقانەی ئەمریکا بەسەر دنیاوە. ئەم ناسیونالیزمەو بزوتنەوەکانی لەم سەردەمەدا، دەعوایەکن بۆپچرینی دەسەلات وبەشی بۆرژوازی محلی لەئارایشتی نویی جیهانی سەرمایەدا وهەلگری نەك هیچ خەسلەتیکی پیشکەوتن خوازی نین بەلکو راستەوخۆ لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و چەپگیرایی و ئینسان دۆستیدا راوەستاوە. لەدنیای ئەمرۆدا کەسەرمایەداری وپەیوەندی نیوان کاروسەرمایە خۆی بەسەر هەموو جیهاندا داسەپاندووە وبۆرژوازی چ لەرۆژهەلات وچ لەرۆژئاوا، بەهەزارویەك داوەوە بەقازانج و بەرژەوەندی چینایەتیيانەوە پیکەوە گری دراون، مەنتقی قازانج

وکەلەکەی سەرمایە بزوینەری سیاسەت وهەر جۆرە کردەوەیەکی بۆرژوازیەیە و" رزگاری نەتەوە وخاك و نیشتمان" پیرۆزیەیەکی‌نەماوە ودەورەی بزوتنەوەکانی ناسیونالیزم بۆرزگاری نیشتمان و نەتەوە لەچەنگی ئیمپریالیزم لەرابردوودایە. ئەمرۆ نەناسیونالیزمیکی میلتاندی "ئەنتی ئیمپریالیست" واقعیەتی هەیەونە داگیرکردنی خاك و نیشتمان بۆ ئیمپرالیزمی ئەمرۆ خاسیەتەکانی رابردووی هەیە. واقعیەتە سیاسی‌یەکانی دنیای ئەمرۆ ئەوەی نیشان داوە کە ناسیونالیزمی ئەمرۆ بەپێی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی ئامادەیە نەك هەر شەری ناوخۆ لەنیو ولاتەکەی خۆیدا هەلگیرسینی‌و دابەشیبکان، بەلکو ئامادەیە دز بهینیتە سەر مالەکەی خۆی و وەك بزوتنەوەی هینانی هیزەکانی "ئیمپریالیزم" بۆسەر "نیشتمانەکەی" دەوربگیریت.

لەم روانگەیەوە ئیمە نەلەرابردوو وەنەلە ئیستادا لەکەنار هیچ یەك لەم بزوتنەوانەدا ناناوەستین، و پیشمان وایە چەپیك ئەگەر خوی تیکەل بەم بزوتنەوەیە بکات ناتوانی نوینەری ریزی سەربەخۆی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش بیت بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و رزگاربوون لەستەم و چەوسانەوە.

**فۆر ۆرد: ئایا پیتان وانیە کەمەسەلەی خەلکی عیراق ئیحتلال و دەرکردنی ئەمریکایە، ولەحالەتیکی واشدا خەباتیکی چینایەتی کە ئیوە باسی دەکەن ملکەچە بۆ خەباتیك کەئاراستەیە بۆ رزگاربوون لە ئیحتلال، کەوایە قسەکردن لەسەر خەباتی چینایەتی و شۆرشی کرکیاری جاری کاتی نیەوو پویستە جاری خۆ لەداگیرکردن رزگاربکری بەتایبەتی کە قورسایی لەسەر شانی کریکاران داناوە و داتر باس قسەلەسەر خەباتی چینایەتی بکری؟**

خەسرەو سایە: پرسیاریکی وا زۆرتر بۆچوونیکی ناسیونالیستی لەبەرامبەر واقیعەتە سیاسی و چینایەتی یەکانی کۆمەلگای عیراق نیشان دەدات، بەتایبەتی کە بۆ ناسیونالیزم هەمیشە خەبات لەدژی "ئیحتلال" وەك "بزوتنەوەی دایك" لەبەرامبەر چینی کریکار و خەباتەکەیدا راگیراوە تا بەم بەهانەیەوە خەبات بۆئازادی و سۆسیالیزم سەرکوت بکری وەیا رەوانەی ئایندەیەکی نادیار بکری. لەرابردوودا سەدان نمونەی ئەو راستی‌یە دەبینری کەچوون بۆچونیکی لەم بابەت هەقانیەتی داوە بە بۆرژوازی وناسیونالیزم تا بەبەهانەی ئیحتلالەوە خواستی کریکاران بۆ ئازادی و مانگرتن و ریکخراوبون، هەروەها خواستی ژنان بۆ یەکسانی ومافەکانیان، سەرکوت بکری. تەنانەت بۆچوونی ئەوەی کە"جاری مەسەلەی خەلك ئیحتلالەو کاتی خەباتی چینایەتی نی‌یە"چون لەابردوودا ریگە بەهەرجۆرە خەباتیکی ئازادیخوازانەو سکولار لەدژی کۆنەپەرستی مەزهەبی ودواکەوتویی گیراوە. ناسیونالیزم و سۆشیالیزمی عەرەبی لەوانەش ناسیونالیزمی بەعس لەعیراق سالانیکی زۆر بەم بۆچوونەوە کریکارانیان کردە وەسیلەی خەباتیان لە بزوتنەوەی دژی ئیحتلال داو دواتریش کە دەسەلاتیان گرتە دەست هەمان دەسەلاتی چینایەتی بۆرژوازی وهەمان بەرنامەی سەرکوت گەرانەی داگیرکەرانیان لەقیافەی خۆولاتیدا بەریوەبرد.

لەوەزعیەتەکانی ئیستای عیراقدا ئەوە راستە کەیەکیك لە مەسەلەکانی خەلکی عیراق ئیحتلال و داگیرکاری ئەمریکایە، بەلام بریارنی‌یە رزگاربوونی ئەوان لەداگیرکەرانی ئەمریکایی ببتە بەهانەی ئەوەی هەمان دەسەلاتداریتی بۆرژوازی لەچەشنی بەعس ونمونەکانی بیتەوە سەریان. بریارنی‌یە کریکاران و زەحمەتکیشان هەر بەهەژاری و نەداری بمیننەوە و ژنانیش هەر کۆیلەی پیاوساری وهاولاتی پلەدووبن و بەپێی یاساکانی شەریعەت مافو ئازادی‌یان بۆدیاری‌بکری. کریکارن لەکۆمەلگای چینایەتی‌یە ئیستای عیراقدا هەرلەگەل مەسەلەی "ئیحتلال" بەرەوروونین، بەلکو مەسەلەکانی جۆری دەولەت و نیزامی سیاسی داهاتوو، دەستور ویاسای دەولەت وئازادی ومافە فەردی ومەدەنی‌یەکانی خەلك، مەسەلەی جیایی دین لەدەولەت و یەکسانی ژنو پیاو، مەسەلەی کورد ومافی بریاردانی خەلکی کوردستان لەریفراندۆمیکدا لەسەر چارەنوسی خۆیان. مەسەلەی سیستەمی ئابووری داهاتوو، ئەمنەیتی هاولاتیان و مافی دەخالەتکردنی خەلکی لەکاروباری ولاتدا، کۆتایی هینان بە تیرۆریزمی ئیسلامی و دەخالەتکردنی دەولەتانی ناوچەکە و سەدان مەسەلە وگرفتی‌تر... هەموو ئەمانە رووبەرووی خەلکبوونەتەوە و دەبی هەرئیستا وەلام وەربگرنە. لەئەوزاعیکی ئاوادا بۆچی ناکری هەم داوای چونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا بکری و هەم حکومەتی سکولاری غەیرە دینی وغەیرە قەومی داوابکری، بۆچی ناکری هەم دەستی داگیرکەران کۆتابکری وهەم ریگا بکریتەوە بۆ دامەزراندنی جمهوری‌یەکی سۆسیالستی کە ئازادی ویەکسانی و ژیانیکی خۆشگوزەران بۆخەلکی دابینبکات! بەبروای ئیمە چارەسەر کردنی مەسەلەی ئیحتلال ومەسەلەچینایەتی‌یەکانی ئەمرۆی عیراق یەك مەسەلەن و لیك جیاناکرینەوە، ئیمە تیدەکۆشین کە هەم کۆتایی بەداگیرکاری ئەمریکا بهینن و هەم بەرنامەی سوسیالیستی چینی کرکیاری عیراق جی‌بەجی بکەین.

**فۆر ۆرد: بەشیوەیەکی ئایدیال باشترە چەپ بزوتنەوەی مقاوەمەتی پیشکەوتنخوازانە ، لەژیر رابەری هیزە سکولار و سوسیالیستەکاندا بەری بخات بەلام ئیمە لەدنیای خەیالاتدا ناژین. هەندیك دەکەونە باسەوە لەگەلمان و پیمان دەلین کەدەبی پشتیوەانی ئەوخەباتە بکەین کە لەلایەن دوژمنانی چینایەتی ناوخۆیەوە لەدژی بالادەستی تەواوی ئیمپریالیزمی جیهانی‌یەوە بەریوە دەبریت، بەبی ئەوەی هیچ جۆرە پشتیوانی‌یەکی سیاسی پیشکەش بەو کەسانە بکری کە رابەری ئەم خەباتەدەکەن . لەگەل ئەم هەلویستەشدا پروپاگەندە بۆ سەربەخۆیی هیزەکانی چینی کریکار و چەپ لەم خەباتەدا بکەین . باشترین نمونە خەباتی دژی ئیسرائیلە لەخوارووی لوبنان ، کە چەپ و ئیسلامی‌یەکان پیکەوە دەوریان هەیە و تا ئیستاش حیزب الله نەکەوتۆتە سەربرینی چەپەکان ، لەوانەیە ئەمە لەبەر ئەوە بیت هاوشانی حیزبوالله تیکۆشابن بۆرزگاری خوارووی ولات. هاوکات بارودۆخی خوارووی**

**لبنان کەحیزب الهە تیا حاکمە خراپتر نىيە لە باقی وولاتانی رۆژهەلات بەلکو کۆمەلگا زۆرتر کراوەیە لەچاوشوینەکانیتر .. ئایا ناکری هەمان نمونە لەعیراقیش دووپاتبیتەوە؟**

خەسرەو سایە: خاوەنەنانی ئەم پرسیارە زیاتر لەژیر گوشاری دەزگاکانی راگەیاندندان تائەوەی واقعیەتەکانی کۆمەلگای عیراق ، ئەمانە تەنها گوشاری دوقوتبی میلتاریزمی ئەمریکایی و چەکداری تاقمە ئیسلامیەکان و پاشماوەکانی بەعس دەبینن و نایانەویت ئەوە ببینن کە سوسیالیست و سکولاریزم لەئیستای عیراقدا هیزن و نمونەیەکیان نیشانداوە ، هەربۆیە خەباتی ئەم بزوتنەوەیە بە "میسالی" دەبینن. پاشان بۆدەبی خەبات لەدژی ئیحتلالی ئەمریکایی بسپیردریت بەرەوتە بۆرژوازیەکان و پروپاگەندەکردن بۆ "سەبەرخۆی چینی کریکار و هیزە چەپەکان"! بۆناکری چەپەکان لە عیراق و فەلەستین هەم رابەری خەباتی خەلك لەدژی ئیحتلال بن و هەم لەپیناو بەرنامەی سۆسیالیستی خۆیان لەدژی بۆرژوازی محلیتیبکۆشن.! لەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە بۆچی نمونەی حیزبوللای لۆبنان دەکریتە پیوانە بۆ ولاتانی تر، ئایا ناکری نمونەیەکی ئینسانی و پیشکەوتنخوازانە بەجیا لەوەی لەجنوبی لوبنان و ولاتانی دەوربەر بەریوەدەبری بکریتە پیوانە بۆداهاتووی خەلکی عیراق؟ بەراستی حیزبوللای لوبنان وهاوکارە چەپەپەکانی دەتوانی چ نمونەیکی ئینسانی وپیشکەوتن خوازانە پیشکەش بەخەلکی عیراق بکات، لەکاتیکدا دەبینین کەچۆن ژیان و ئەمنیەتی خەلکی عیراق رۆژانە بەهۆی تیرۆریزمی ئیسلامیەوە دەکەویتە بەردەم مەترسیەوە؟ بەبروای من ئەوانەی سیناریوو ررووداوەکانی چەند سالی رابردووی لوبنان پیشنیار دەکەن بۆخەلکی عیراق، هیچ ئاسۆیەکی تر لەبەردەم خویاندا نابیننەوە جگەلە کارنامەیەك کە ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم لەرۆژهەلتی ناوەراستدا لەخۆی نیشانداوە.